# تیرۆریستان ماسی لە ئاوی لێڵدا دەگرن

کاوە ئەمین

باشووری کوردستان بە بەراورد لەگەڵ عیراق، لە ماوەی دوای هاتنی ئەمریکاییەکان و ڕوخانی ڕژێمی بەعس، ناوچەیەکەی ئارامەو زۆر بە خێرایی ئابووری کوردستان بەرەو پێش دەچێت و لە گەشەکردندایە. هەر بۆیە دەوڵەتانی هەرێمەکە و تیرۆریستان کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەو وڵاتانەوە دنە دەدرێن دەیانەوێت بەکردەوە تیرۆریستییەکانیان بارودۆخی ئارامی کوردستان بشێوێنن و ترس و نیگەرانی لەو بەشەی وڵاتی ئێمەدا بڵاوبکەنەوە، چونکە تیرۆریستان باش دەزانن کە جگە لە ترس و تۆقاندن کە بەشێکە لە سیاسەتی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانە جا سەر بە گروپە توندڕەوە ئیسلامییەکان بن یان پاشماوەی بەعس، هیچ کارێکی تریان بۆ ناکرێت. ئەگەر ئەوان خۆیان لەگەڵ موجاهیدانی ئەفغانستان بەراورد بکەن کە ئەمریکاو وڵاتانی کەنداو بەتایبەتیش سعودیە پشتیوانی دەکردن و سۆڤیەتیان بە چۆکدا هێنا و تەنانەت هەندێک جار باس لەوە دەکرێت کە ئەوە شەڕی ئەفغانستان بوو کە بلۆکی سۆسیالیستی سۆڤیەتی بەرەو هەڵوەشاندنەوە برد، ئەوا بە دڵنیایاوە بە هەڵدا چوون. چونکە تیرۆریستان لە کوردستان و لە عیراقیشدا هیچ پێگەیەکی خەڵکیان نییە وەک موجاهیدەکانی ئەفغانستان کە لەو وڵاتەدا هەیان بوو.

لە ماوەی زیاتر لە ساڵێکدا، تیرۆریستان دوو گورزی جەرگ بڕیان لە هەولێر وەشاند، کە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ژمارەیەکی زۆر خەڵکی سڤیل بوونە قوربانی، بەم کردەوەیەیان هێندەی دیکە خۆیان لەبەر چاوی گەلی کوردا سووک و ڕیسواتر کرد. شتێکی ڕێکەوت نییە کە تیرۆریستان لەم کاتەدا دەستیان لە کورد وەشاند کە جۆرە ناڕوونی و "بۆشاییەکی" سیاسیی باڵی بەسەر باشووری کوردستاندا کێشاوە، ئەوەش بە هۆی لە کردەوەدا هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی کوردساتان و زەقبوونەوەی هەندێک کێشەی سیاسیی نێوان پارتی و یەکیەتی کە نیگەرانی خستۆتە دڵی سەرتاپای نەتەوەیی کوردەوە، بۆیە دەکرێت بڵێین کە تیرۆریستان دەیانەوێت ماسی لە ئاوی لێڵدا بگرن، چونکە ئەوان وەکو شەمشەمە کوێرە وان، حەزیان لە ڕوناکی نییە و لە ژینگەیەکی وادا گەراکانیان دادەنێن.

سەقامگیربوونی ئارامی و ئەمنییەت و دەوڵەتێکی بەهێز کۆڵەکەی سەرەکیین بۆ دامەزراندن و گەشەکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنیی و گەشەکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هاووڵاتیانی هەر وڵاتێک، بۆیە ناکرێت چیتر بێدەنگبین لەبەردەم ئەو بارە سیاسییە نەگەتیڤەی کە بەهۆی کێشەکانی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانەوە ڕووبەڕوی نەتەوەکەمان دەبێتەوە، دەبێت دەستگا نەتەوەیی و مەدەنییەکان لە ڕێگای فشاری سیاسی و پاڵەپەستۆ بۆ سەر لایەنەکان ئەو دیواری لێکتێنەگەیشتنە بشکێنن، دەنا دەبێت چاوەڕوانی زۆر شتی خراپتر و کارەساتی لەوەش گەورەتر بین. تا ئێستاش خەڵکی کورد نازانن ئەو بەربەستانە چین کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم یەکنەگرتنەوەی هەردوو حوکوومەت و دەستبەکار نەبوونی سەرۆکی هەرێم لە کوردستاندا، هەر یەکەو بە ئارەزووی خۆی تەفسیری بۆ دەکات، چونکە هەموو بابەتە هەستیارەکان لە پشت پەردەوە قسەیان لەسەر دەکرێت و جگە لە چەند کەسێک کەس نازانێت چی لە کۆبوونەوەکاندا باس دەکرێت. ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئایندە و چارەنووسی نەتەوەی کورد، بۆ نمونە ڕۆژنامەنووسێکی فاشیستی تورک بە ئاشکرا نووسیویەتی کە سیاسەتی تورکیا لە عیراقدا کە لە ڕێگای بەرەی تورکمانییەوە بەڕێوە دەچوو، بەتەواوەتی شکستی هێناوە، بۆیە دەبێت کەڵک لە ناکۆکییەکانی نێوان پارتی و یەکیەتی وەربگیرێت بۆ لێکدورخستنەوەی ئەو دوو پارتە و قوڵکردنەوەیان، چونکە ئەوان ئەوە وەکو دوا وەرەقەی خۆیان دەبینن لەو گەمە چەپەڵەی کە لەسەر حسابی کورد دەیکەن.

کۆبوونەوەی پەرلەمان و دانانی حوکوومەتێکی یەکگرتوو و سەرۆکێکی بە دەستەڵاتی کوردستان دەتوانێت هەموو پلانەکانی دوژمنان و تیرۆریستان هەڵوەشێنێتەوە و کردەوە تیرۆرییەکان ئەگەر بەتەواوەتیش ڕیشە کێش نەکرێن، ئەوا بەدڵنیاییەوە کەم دەبنەوە، گەلی کوردیش شەقاوێکی باش لە دڵەڕاوکە و ترس دوور دەخاتەوە، ئەوەش تەنها لە ڕێگای دیالۆگ و کۆمپرۆمیس و دوورکەتنەوە لە خۆپەرستی و کورتبینی حیزبییەوە دەستەبەر دەکرێت. ئاخر خۆ دنیا تا سەر بۆ کەس نابێت ئەوە کردەوەی چاک و هومانیستییە کە تاسەر دەمێنن و مێژوویش شانازییان پێوە دەکات، کەسێکی وەکو غاندی و ماندێلا و مەلا مستەفای بارزانی لە پایی کردەوەکانیانە کە

**خۆشەویستی خەڵکی خۆیانن، نەک سەروەت و سامانەکەیان کە نیانە، ماندێلا ئێستا هیچ دەستەڵاتێکی سیاسیی نییە، کەچی هەموو دنیا شەرمی لێدەکات.**

---

**ئەم وتارە هەمانکات لە ڕۆژنامەی (مێدیا)شدا بڵاودەکرێتەوە**